# با رۆژی 22 /6 بکەینە دەربرینی نارەزایەتی جەماوەریمان بەرامبەر بە سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد

## پەیوەست بن بە خۆپیشاندانی بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانەوە!

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی رۆژی 22-6-2007 لە چەندین ولاتی ئەوروپا لەوانە لە بەریتانیا ، سوید ، سویسرا ، فنلاند، هەڵدەستێت بە خۆپیشاندانێك بۆ بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانی کوردی عیراقی و ڕاوەستانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد لەلایەن ولاتانی ئەورووپاوە کە ماوەیەکە کەوتوونەتە زەخت و زۆر وفشارهینان بۆ سەر پەنابەران.

بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد لەکاتێکدایە کە ڕاپۆرتی ڕەسمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو و ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بە ناجیگیری بارودخی سیاسی کوردستان دەکەن.

فیدراسیۆن داوا لەهەموو حزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە پەنابەری وئینسان دۆست و ڕێکخراوە کریکاری و پێشکەوتوخوازەکان دەکات کە هاوپشتی وهاوکاری وئەم کەمپینە بکەن و ئیمزای خۆتان بخەنە ژێر لیستی بەشداربوانی ئەم خۆپیشاندانانە هاوخەبات بن لەسەنگەری داکۆکی کردن لە مافەکانی پەنابەران تا بەدی هێنانی ئەم خواستانە :

1. هەڵوەشاندنەوەی دەست بەجێی بڕیاری گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان ولابردنی هەموو زەخت و زۆرێك لەسەر پەنابەرانی کورد.
2. بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری بۆ پەنابەرنی کوردی عیراقی بەعینوانی قوربانیانی جەنگ و نائارامی .

**ئەم خۆپیشاندانە لە رۆژی 22-6-2007 بەرگوزار دەکرێت لە وولاتەکانی:**

**بەریتانیا: لەندەن:کاتژمیر 3 تا 5 ئێوارە**

**سوید(ستۆکۆلم):کاتژمیر:1 تا 2 پاشنیوەرۆ**

**فنلاند(هلسنکی):بۆ ماوەی سێ رۆژ مانگرتن دەکرێت**

**سویسرا:کاتژمیر:1 تا 3 پاشنیوەرۆ**

**هاوکات ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن نۆینەرانی فیدراسیۆن لە وولاتەکانی کەنداو و هۆڵندا وئوسترالیا پشتیوانی دەکرێت.**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-6-10

---

بۆ زانیاری زیاتر بەم ژمارە تەلەفوونانە پەیوەندی بکەن:سوید: خالد بە ژمارەی(0736306871) و سوزان حسین بەژمارەی (0736746701)،فنلاند بە ریبوار عارف بە ژمارەی(00358440464905)،بەریتانیا بە ئاسۆگوران ژمارەی(07895636633) سامان سەردەم ژمارەی(07799507141) سویسرا بە فازل عوسمان ژمارەی (0041797266974) وئەحمەد عەلی بە ژمارەی (0041788532004) پەیوەندی بگرن.

www.csdiraq.com ifir2007@yahoo.com